# مانشێت هونەر و پەیامە

عەبدوڵلا زەنگنە

هەر بڵاوکراوەیەک، چ گۆڤار و چ ڕۆژنامە، دەبێ کەسێتی خۆی هەبێ، هەیانە سەر بە گۆبەندن و هەشیانە زۆر هێمن و لەسەرخۆن. شێواز و ناوەرۆکی هەر بڵاوکراوەیەکیش، مرۆڤ ئاسا، دەبێ لە یەک جیا نەکرێنەوە و هاوتەریب بن، چونکە هەر لایەکیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەیان بێ، بڵاوکراوەکەی پێ لاسەنگ و ناشیرین دەبێ.

یەک لە ئامرازە گرنگەکانی زەقکردنەوەی کەسێتی کاری ڕۆژنامەنووسیش هونەری (مانشێت)ـە، وەکو دەروازەیەکە خوێنەر و ناوەرۆکی هەر بڵاوکراوەیەک دەناسێنێ، بەم پێیە، بەبێ زێدەڕۆیی دەڵێم: (مانشێت) دەبێ (پەیام)ی ڕۆژنامە بێ، دیارە لەم حاڵەتەشدا هەر (مانشێت)ـە و دەرگا بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامە دەکاتەوە و میوانداری سەر خوانی ناوەرۆکی بابەتەکانیان دەکات و پێوەندی نێوان خوێنەر و ڕۆژنامە تووندوتۆڵتر دەکات. وەکو زۆر جاریش لە نووسینەکانمدا ئاماژەم پێی داوە ئەوەی ئەمڕۆ وەکو (هەواڵ) بڵاودەکرێتەوە بەیانی دەبێتە (مێژوو)، بەم پێوەرەش (مانشێت) و (هەواڵ)ەکانی هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کەمتر سەروەرییان بەر دەکەوێ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە زۆربەیان لایەنی زاتیی بەسەر هەواڵەکانیاندا زاڵە، چونکە تاکو ئەمڕۆکە ڕۆژنامەنووسانی کورد شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر (پەیام)ی کارەکەی خۆیان نییە، بۆیە بەردەوام پێش خۆیان حوکم لەسەر ڕووداوەکان دەدەن. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەوانانی کورد لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە تووشی جۆرێک لە جۆرەکانی تەنگژەی ڕۆژنامەنووسی بوونە و ڕەوایی و ناڕەواییان لەلا تێکەڵ بووە، خۆ ئەگەر (مانشێت) بۆ جوانکردنی ڕۆژنامە بێت، ئەوە دەڵێین هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمڕۆ سەروەری کارەکانیان لەدەست داوە و بەرەو ئاقارێک هەنگاویان ناوە.. کە ڕەنگە لە قووڵاییەکانی ڕۆشنبیری و هزر دوورمان بخەنەوە و لە کەنارێک گیرمان بکەن کە ناسنامە نەتەوایەتییەکەمان بشێوێنێت و ڕەوشێکی بێ متمانەیی و بێ ئومێدی بۆ خەڵکی کوردستان بخوڵقێنێت و زیانی گەورە بە دوێنێ و ئەمڕۆ و ئایندەمان بگەیەنێت.